وتەبێژی قوباد تاهیر بانی: حکومەتی هەرێم لە هەر دامەزراوەیەکی سەربازی و ئەمنی ژمارەیەک ناو بە ڕاپەرت دەوانی عێراق دەکات



وتەبێژی قوباد تاهیر بانی، جێگری سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، حکومەتی هەرێم لە هەر دامەزراوەیەکی سەربازی و ئەمنی ژمارەیەک ناو بە ڕاپەرت دەوانی عێراق دەکات، تا وردبینی بە ناو و کەد و بی موچەکانیان بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە موچەی هەزە ئەمنی و سەربازییەکان خەرج بکرێت.

سەمیر هەورامی، وتەبێژی قوباد تاهیر بانی، جێگری سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاند، "حکومەتی هەرێم لەهەر دامەزراوەیەکی سەربازی و ئەمنی ژمارەیەک ناوی ئامادە کردوە نەک کەد، ئەم ناوانە دەوانی عێراق دەکرێن تا لەسەر بنەمای ئەوە موچەی کێرتی سەربازی هەرێم دەوانە بکرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، حکومەتی هەرێم نمونەی ئامادە کردوە و لە هەر دامەزراوەیەکی سەربازی و ئەمنی ژمارەیەک ناو ئامادە دەکات، کە پێشتر دیوانی چاودێری دارایی وردبینی بە کەدەکانیان کردوە، بە ئەوەی وردبینی بە کەد و ناو و پلە و موچەکانیان بکرێت و دروستیان بسەلمێنرێت، ئەمە بە ڕاپەرت ئامادە کراوە.